# ڕێگای قەندیل قەدەغەیە!!

کەمال میراودەلی

قەندیلی
قەڵای ئازادیی
سەنگەسەری
سەنگەری سەربەرزی بەرگریی
قەلادزەی
قارەمانێتی
ئاسۆسی
ئاسۆی سەرکەوتن
مەرگەی
پێشمەرگەی مەرگبەزێن
بیتوێنی
باوەڕی بەتین
رانیەی
رابوون!

پشت و پەنای کوردایەتی
هەر ئێوە بوون
قەندیل سەروو
قۆڵ و مەچەک
باوەڕ و چەک
هەر ئێوە بوون
هەر ئێوە بوون
تێکتان شکاند
لەشکری زاڵی زێنەفوون
رۆم و عەجەم
عوسمانلی و عەرووس و عەرەب
بە زەبری وە
بوون سەرنگوو ن

یەکەم تەکانی
شۆڕش و
یەکەم خوێن و
یەکەم برین
یەکەم شەهید
یەکەم تەزووی
راچەنین و

یەکەم شاڵاوی
ڕاپەڕین
هەر ئێوە بوون

ئەی قەڵادزەی
قەڵای دڵەکەم
ڕانیەی ڕۆحم
هەر چەند دەکەم
سەرسام ماوم
باوەڕ ناکەم
پێتان دەڵێن:
ڕێگای قەندیل
قەدەغەیە!!
بناری پشدەر
ئابڵووقەیە!!
کوردستانی بوون
بڤەیە!!

کام پاشەرۆک
کام ترسەنۆک
کام جاش سەرۆک
کام گەندەڵی دزی نەزۆک
پێتان دەڵێ
ڕێگای قەندیل
قەدەغەیە!!

کام سەرسەری
کام سەرخۆش
کام ئاڵقەلەگوێی
خۆفرۆش
پێتان دەڵێ
ڕێگای قەندیل بۆ کوردەکان
قەدەغەیە!!
بۆ دەبابە و تەیارەی تورک
ئاواڵەیە!
بۆ تۆپبارانی عەجەمان
سەیران و بەزم و گەمەیە
ڕۆژنامەنووس
تەنیا خەتەری گەورەیە

بۆ کوشتنی وشەکانیان
گەورەترین هێز ئامادەیە!
پشدەر، قەندیل
ئابڵووقەیە!!

قەندیلی
قەڵای ئازادیی
قەلادزەی
قارەمانێتی
رانیەی
رابوون!
پێمان بڵێن
ئەوانە کێن
پێتان دەڵێن:
رێگای قەندیل
قەدەغەیە!!
بناری پشدەر
ئابڵووقەیە!!

پێتان دەڵێن:
لەم خاکەدا
نە پەرلەمان
نە ئۆپیزیسیۆن
نە رای میللەت
نە سەرکردە
نە یاسا
نە شەرەف
هەیە

سەرچاوەی هەموو یاسایەک
بەعس، تاران،
ئەنقەرەیە
بتانەوێ و نەتانەوێ
هەر ئەوەیە
رێگای قەندیل
قەدەغەیە
خیانەت
مێژووی ئێمەیە!!

قەندیلی قەڵای ئازادیی
قەلادزەی قارەمانێتی
رانیەی رابوون!

پێمان بڵێن
ئەوانە کێ بوون
لە سەر هێلکەی خیانەت کەوتن
وەکو مریشکە بەکورک
چاوەروان بوون
قەندیلی مەزنیش
بخەنە ژێر پێی ئەتاتورک
بیکەن بە مۆلگەی گەلەگورگ!

قەلادزەی قارەمانێتی
رانیەی رابوون!
خەڵکی بنار
پێمان بڵێن
ئەوانە کێن
هەناسەیان بۆتە دۆلار
رابردوویان، داهاتوویان،
بۆتە دۆلار
رەوشت و خوو – و ئابروویان
بۆتە دۆلار
دۆلار کردوونیە سەگی هار
بەری داون لە گەلێکی
ئەنفالکراوو بریندار
بەری داون لە گەلێکی
برسی و هەژار!

قەندیلی قەڵای ئازادیی
قەلادزەی قارەمانێتی
رانیەی رابوون!
پێمان بڵێن
ئەوانە کێن
پێتان دەڵێن
تورک و عەجەم
بتانکوژن، بتانبڕن
دەبێ بەیێدەنگی بمرن
گەر کوردستان هەمووی

رۆچێ
نابێ ناڵەتان
لێدەرچێ!

پێمان بڵێن
ئەو ئەنفالچییە تازانە کێن
یەک بە یەکیان
ناویان بڵێن
لە ژێر پێی مناڵەکانتانا
لە سەر بەردێکی پیس و ڕەش
ناویان بە بزمار
هەڵکەنن
ئێستا ئەوان پێدەکەنن
سبەی ئێوە پێدەکەنن!